# ئاوازی بەهەشتیان

# و

# هاواری دۆزەخیان


نووسینی:

عەبدولحەمید بیلالی

وەرگێڕان:

حەمیدە مەحموودی


www.ketab.ir

| | |
|---|---|
| سرشناسه | : بلالی، عبدالحمید. Bilali, Abd al-Hamid |
| عنوان قراردادی | : کلام اهل الجنة و تخاصم اهل النار. کردی |
| عنوان و نام پدیدآور | : ئاوازی بەهەشتیان و هاواری دوزەخیان/ نووسین عەبدولحەمید بیلالی؛ وەرگیران ئامنە مەحموودی (حمیده). |
| مشخصات نشر | : سنندج: ئالای رووناکی، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : ۱۲۸ ص.: ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م. |
| شابک | : ۸-۱۸-۸۵۵۱-۶۰۰-۹۷۸ |
| وضعیت فهرست نویسی | : فیپا |
| یادداشت | : کردی. |
| یادداشت | : کتاب حاضر از فارسی با عنوان "اوای بهشتیان و غوغای دوزخیان" ترجمه شده است. |
| عنوان به زبان دیگر | : اوای بهشتیان و غوغای دوزخیان |
| موضوع | : بهشت (اسلام) -- جنبه‌های قرانی |
| موضوع | : Paradise -- Islam -- Qur'anic teaching |
| موضوع | : دوزخیان -- جنبه‌های قرانی / بهشت (اسلام) -- احادیث / دوزخ -- جنبه‌های قرانی |
| موضوع | : Damned -- Qur'anic teaching / Paradise -- Islam - Hadiths / Hell -- Qur'anic teaching |
| موضوع | : احادیث اهل سنت -- قرن ۱۴ |
| موضوع | : •Hadith (Sunnites) -- Texts -- ۲۰th century |
| شناسه افزوده | : ریگی‌احمدی، عبدالله، ۱۳۴۴ -، مترجم |
| شناسه افزوده | : محمودی، حمیده، ۱۳۵۸ -، مترجم |
| رده بندی کنگره | : BP۲۲۲/۶۵/۱۳۹۵ ب۸ک۸۰۴۷ |
| رده بندی دیویی | : ۲۹۷/۴۳ |
| شماره کتابشناسی ملی | : ۴۶۳۴[illegible]۷۰ |


# ئاوازی بەهەشتیان و هاواری دۆزەخییان


نووسەر: عبدالحمید البلالی

وەرگێڕان: حەمیدە مەحموودی

ڕووبەرگ: خالید [illegible]

پیتچن و پەڕڕازێن: ئومید [illegible]

چاپ: ئاڵای ڕووناکی

ساڵ و نۆبەی چاپ: یەکەم ـ ۱۳۹٦

تیراژ: ۱۰۰۰ جلْد

نرخ: ۵۰۰۰ تمەن

شابک: ۹۷۸ـ٦۰۰ـ۸۵۵۱ـ۱۸ـ۸

مراکز پخش: سنه ـ پاساژی عێززەتی ـ ئینتشاراتی ئاراس

تەلەفوون: ۰۸۷-۳۳۱۲۸۳٤۱

سەقز: کتێبفرۆشی «پیام نو» ۱و۲ تەلەفوون: ۰۸۷۳-٦۲۲۱۰۹۸

# پێرست


پێشەکی ........................ ٧
ناوازی بەهەشتییەکان ........................ ١٠
کاتی لێپرسینەوە لە کردەوەکان ........................ ١٤
خەڵک ڕۆژە چێ ........................ ١٥
ئەو مرۆڤانەی کە لە ژێر عەرشی خوا جێگر دەبن ........................ ١٦
پێوەر و لێپرسینەوە ........................ ١٨
دەرەنجامی خۆڕاگری ........................ ١٩
دەوڵەمەندترین و هەژارترین مرۆڤی دونیا ........................ ٢١
هەژارترین مرۆڤی ئیمانداری دونیا ........................ ٢٣
جیابوونەوەی بڕوادار لە بێبڕوا ........................ ٢٦
وتوویژی بەهەشتییەکان، کاتێک کە بەهەشت لە نزیکەوە دەبینن ... ٢٨
بەهەشتییەکان لە بیری ڕزگاری دوژمنەکانیان دان ........................ ٣٣
وتوویژی بەهەشتییەکان لەگەڵ دوورووەکان لە ڕێگەی بەهەشتدا... ٣٤
وتوویژی بەهەشتییەکان پێکەوە لە بەهەشتدا ........................ ٣٦
یەکەم کەسانێک کە دەچنە ناو بەهەشتەوە ........................ ٣٦
شاڵاوی بەهەشتییەکان بەرامبەر درگاکانی بەهەشت ........................ ٣٧
ڕووداوەکانی دوای ڕۆیشتنە ناو بەهەشت ........................ ٣٩
پلە و پایەی قورئانخوێنان ........................ ٤٠
وتوویژی بەهەشتییەکان دوایی سەقامگیربوونیان لە بەهەشت ...... ٤٢
ڕێ و ڕەسمی کووشتنی مردن ........................ ٤٤
وتوویژی بەهەشتییەکان لەگەڵ دۆزەخییەکان ........................ ٥٣
وتوویژێکی دیکەی بەهەشتی و دۆزەخییەکان ........................ ٥٦


www.ketab.ir

دیمەنێکی دیکە لە وت‌وویژی نێوان بەهەشتیی‌ودۆزەخییەکان ........ ٥٩
بەهەشتییەکان لە دۆخی هاوڕێکانیان دەپرسن .................. ٦٢
وت‌وویژی بەهەشتییەکان لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە بەهەشت ........ ٦٤
باکانی باکوور .................................. ٦٥
جوانی لەڕادەبەدەری حۆرییەکانی بەهەشت .................. ٦٦
ئاواز و گۆرانی حۆرییەکانی بەهەشتی .................. ٦٧
بەهەشتییەکان سەبارەت بە ژیانی دونیا دەدوێن .................. ٦٨
بەهەشتییەکانیش خەم دەخۆن .................. ٧٠
وتەی بەهەشتییەکان، کاتێک سەیری میوەکانی بەهەشت دەکەن ........ ٧١
وت‌وویژی بەهەشتییەکان کاتێک‌کە پاڕانەوەکانیان دێتەوە بیر ........ ٧٢
قسەی ئەو کەسانەی کە لە نزمترین پلەی بەهەشتدا دەژین ........ ٧٤
ڕاگەیاندنی ڕازیبوونی هەتاهەتایی خوا لە بەهەشتییەکان ........ ٧٧
کاتی چاوپێکەوتنی پەروەردگار .................. ٧٨
هەراهوریای دۆزەخییان .................. ٧٩
دەمەدەمێی دۆزەخییەکان دوای گیرکردن بە کەڕەنادا .................. ٨٠
دەمەقاڵەی دۆزەخییەکان لە سەحرای ڕۆژی پەسڵان .................. ٨٣
ئەو تاقمەی کە سەروبن زیندوو دەکرێنەوە .................. ٨٥
دۆزەخییەکان، لۆمەی پێست و ئەندامانی جەستەی خۆیان دەکەن .... ٨٦
قیژە و هەرا لە کاتی چاوپێکەوتنی ئاوری دۆزەخ .................. ٩٠
ململانەی بێ‌کەڵک .................. ٩٣
ئاوریان لێ نزیک دەکرێتەوە .................. ٩٥
ئاواتی گەڕانەوە بۆ دونیا بۆ ئەنجامی کردەوەی چاکە .................. ٩٥
دەربڕینی پەشیمانی لەسەر ڕابردوو .................. ٩٧
دەمەقاڵە و هەرا، کاتی دانەوەی نامەی کردەوەکان .................. ٩٩
دەمەقاڵە و شەڕەقسەی دۆزەخییەکان لە ڕێگەی دۆزەخ .................. ١٠٢
شین و ڕۆڕۆی دووڕووەکان .................. ١٠٣

www.ketab.ir

دوورپووەکان دەستەوداوێنی باوەڕداران دەبن ........................ ١٠٤
هەرا و دەمەقاڵە کاتی بیستنی قسەکانی شەیتان........................ ١٠٥
هات‌وهاواری دۆزەخییەکان پێش فڕێ‌دانیان بۆ ناو دۆزەخ.......... ١٠٧
دەمەقاڵە و زڵە لە کاتی کەوتنە ناو دۆزەخ........................ ١٠٨
دەمەقاڵە و هەراهەرا لە گۆڕەپانی دۆزەخ........................ ١١١
دوبارە قسەی ناخۆش و جوێن و دوعای شەڕ ........................ ١١٣
دەمەقاڵە لەگەڵ پاسەوانانی دۆزەخ........................ ١١٥
دارنیی‌دانانی کۆتایی........................ ١٢٢
کۆتایی ........................ ١٢٤
www.ketab.ir

# پێشەکی

إنَّ الحَمْدَ لِلّهِ نَحمَدُهُ و نَستَعِينُه وَ نَستغفِرهُ وَ نَعُوذُ بِاللّهِ مِن شُرُورِ أَنفُسِنَا وَ مِن سَيِّئَاتِ أَعمَالِنَا، مَن يَهدِهِ اللّهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ وَ مَن يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ وَ أَشهَدُ أَن لَا إِلَهَ إِلَّا اللّه وَ أَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَ رَسُولُه أمَّا بَعد...

وتەکانی مرۆڤ لە دونیادا دوو جۆرە، یا دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوا و چوونە ناو بەهەشت، یا دەبێتە هۆی تووڕەیی خوا و چوون بەرەو دۆزەخ.

لەوێ دۆزەخییەکان لە کاتێکدا فرمێسکی خوێنین دەبارێنن و گیرۆدەی ئازار و ئەشکەنجەن دەست لە نەفرین و دوعای شەڕ بەرامبەر یەکتری هەڵناگرن. بەڵام بەهەشتییەکان پێکەوە قسە لە ڕۆژانی ئەم دنیا و ئەو نیعمەتانە دەکەن کە خوای گەورە پێی بەخشی بوون و باس لە دوعا و پاڕانەوەکانی نیوەشەویان دەکەن. لە بەشێک لە قسەکانیاندا لۆمەی دۆزەخییەکان دەکەن و بە شێوازێک کە سەلمێنراوە حەق بەوان بووە، لە تاوانبارانی ناو ئاگرەکە دەپرسن:

﴿مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ﴾ [المدثر:۴۲]

«هۆی کەوتنە ناو ئاگرتان چی بوو؟»

دوێنێ باوەڕداران، لە دونیادا ئازار و ئەشکەنجە ئەدران، بەڵام ئەمرۆ نۆرەی ئەوانە کە بە کافران و بێباوەڕان پێبکەنن:

﴿فَٱلْيَوْمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ﴾ [المطففين:۳۴]

«کە وایە ئەمرۆ باوەڕداران بە بێبڕواکان پێدە کەنن».

www.ketab.ir

﴿عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ﴾ [المطففين:٣٥]
«لە سەر کورسی و قەنەفە ڕازاوەکان پاڵ دەدەنەوە و بۆ جوانییەکانی ئەوێ دەڕوانن».
﴿هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ [المطففين:٣٦]
«ئایا پاداشی بێبڕواکان بە پێی کردەوەکانیان، نەدرایەوە؟»

بەڕاستی بێجگە لە هەوا و هەوەسی دەروونی، چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی کە شیاوی ئازاری دۆزەخ بن؟ لە ڕاستیدا هەوا و ئارەزووەکان بوونە پەردەیەکی جوان و ئەخشاو تا ئەوەی کە چاویان کوێر بێت و دیمەنە سامناکەکانی دۆزەخ نەبینن و ئیرادەیان بەرامبەر بە هەوای دەروون سست و لاواز بێت بەڵام لە ئاکامدا، کاتێک چاویان کردەوە کە خۆیان لە ناو بڵێسەی ئاگردا دۆزیوەتەوە.

ئەبوهورەیرە (ڕ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرموویان: «دوای ئەوەی کە خوا بەهەشت و دۆزەخی ساز کرد، دەستووری دا بە جبرەئیل کە سەردانی هەردووکیان بکات. ئەویش دوای سەردانی بەهەشت گەڕایەوە و گوتی: ئەوەندە جوانە کە هەر مرۆڤێک پێی بزانێ، ڕووی تێ دەکات. ئەو جار خوا بەهەشتی بە هەندێک گرفت و ئاقیکاری ئەستەم گەمارۆ دا و دایپۆشی و دواجار بە جبرەئیلی فەرموو کە بڕوات و بیبینێت. ئەمجار جبرەئیل گەڕایەوە گوتی: دەترسم هیچ کەسێک نەچێتە ناوی.

هەروەها دوای ئەوەی کە دۆزەخی دیت، هات و گوتی: هەر کەسێک ئاگاداری بێتەوە، ناچێتە ناوی. ئەمجار خوا دۆزەخی لە ناو پەردەیەک لە هەوەس و ڕابواردن و خۆشی پەرژین کرد و دواجار داوای لە جبرەئیل کرد کە سەردانی بکات. ئەمجار گەڕایەوە و گوتی: دەترسم هەموو

بەندەکانت بەرەو لای برۆن».[١]

دیارە کە ئەم پەردە نەخشێنراوەی کە بەسەر دۆزەخدا کێشراوە، لە سەر ڕێگەی نەتەوەی ئادەم دانراوە و لەمپەڕێکە بۆ چوونە ناو بەهەشت و دەبێتە هۆی ئەوەی‌کە ئەم مرۆڤانە وەها لە زەریای خۆشی و تاواندا نوقم بن کە تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوەشیان نەمێنێت کە بیر بکەنەوە لە دوای ئەم خۆشی و ڕابواردنە، چاوپێکەوتن و حەسێب و کتێب و دۆزەخێک هەیە.

ئاشکرایە کە مەیدانی هەوا و هەوەس لە ڕابردوودا ـ بەتایبەت سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) زۆر کەم و سنووردار بووە، بەڵام ئێستا بە هۆی خۆشی و ڕابواردنی فرە و بەربڵاوی ڕۆژگار، شوێنکەوتنی هەوای نەفسانی پەرەی سەندووە؛ تا ئەو ڕادەیە کە ئەمانە بە نیشانەی ژیاری و پێشکەوتن دەزانن و ئەگەر کەسێک خۆی نەدا بە دەست ئەم هەوای نەفسانییە، بە کۆنەپەرەست و بناژۆخواز و پێ‌داگر و... دەناسرێ. سەرەڕای ئەمانە، هێندێک تاکی دیکەشی دەدرێتە پاڵی کە نیشانەی دواکەوتوویی ئەو لە قافڵەی شارستانییەتی دەزانن.

ئەم پەرتووکە، تێکۆشانێکە هاوڕێ لەگەڵ پەیامی ئەو بانگخوازانەی کە بەردەوام ڕۆژی پەسڵان بیری خەڵکی دەخەنەوە.

سەرەتا دیمەنی وت‌ووێژی دۆستانەی بەهەشتییەکان لەگەڵ یەکتر باس دەکرێ، لە بەشێکی دیکەشدا وێنەیەک لە ئەم و حاڵی دۆزەخییەکان، کە بە مشت‌ومڕ لەگەڵ یەکتری دەدوێن، کێشراوەتەوە.

بەو هیوایە کە ببێتە هۆی ئەوەی‌کە ڕووی ڕاستەقینەی دۆزەخ کە لە پشت ئەم پەردە جوان و نەخشێنراوەی کە چاوی زۆرێک لە مرۆڤەکانی

---

١ـ ترمذی مع تحسین الأرناؤوط.

www.ketab.ir

سەرسام و دڵی داگیر کردوون و بەخێرایی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت، ئاشکرا بێت.

هیوادارین خوا ئەم کردەوە بچوکەمان لێ وەر بگرێ و بیکاتە سەرەتایەک بۆ ڕێنوێنی و هیدایەتی ئەوانەی کە شوێن حەز و ئارەزووی خۆیان کەوتوون. تاکوو لە دەرەنجامی مەترسیداری ڕێبازەکەی خۆیان تێبگەن و ڕوو بکەنەوە بەندایەتی خوای تاقانە و لە هەڵگرتنی گرفت و ڕەنج و ئێش و ئازارەکان و هەروەها بەدەستهێنانی بەهەشتی بەرین کەماڵی هەتاهەتایی پارێزکارانە و گەیشتن بە ڕەزامەندی خوا، یاریدەری بانگخوازانی ئاینی بن.

## ئاوازی بەهەشتییەکان

**وتەی بەهەشتییەکان لە مەحشەر بەرانبەر زۆرداران:**

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ
جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ﴿٥٤﴾
وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَانُوا۟
يُؤْفَكُونَ ﴿٥٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ
إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ۖ فَهَٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٥٦﴾
فَيَوْمَئِذٍ لَّا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٥٧﴾﴾

[الروم:٥٥-٥٧]

«ئەو ڕۆژەی کە قیامەت بەرپا دەبێت، تاوانباران سوێند دەخۆن جگە لە ساتێکی(کورت) لە دونیا نەماونەتەوە، ئەمانە لە ڕاستەڕێ لایان داوە. ئەو کەسانەش کە زانیاری و باوەڕیان پێ بەخشراوە، دەڵێن: ئێوە هەر بەو

www.ketab.ir